
شیعر




عەباس عەبدوڵڵا یوسف


# ١٠ هۆنراوەی کورت

* داپۆشی سەرەوەم ئاسمانە
داپۆشی ژێرەوەی لێفە
بن ئەوانەش جلکمە
پاشانیش گۆشت و ئێسقان و خوێنە.
دوا داپۆشیش خودی خۆمە و
هێشتاش هەر رووتم.

* گاڕانی، بەغاردان نان دەخۆن
گاڕانی، بەغاردان گۆڤار دەخوێننەوە
گاڕانی، بەغاردان سەیری تەلەفزیۆن دەکەن
گاڕانی، بەغاردان دەچنە W.C
گاڕانی، بەغاردان زاوزێ دەکەن
گاڕانی، بەغاردان دەنوون
سست، هەرە سست و
تاک... تاکەش دەمرن.



* كە لە گێڕانەوەی سەربوردەی خۆی بێزار بووین
بەکیسەڵمان وت: ئێمە ناچار ئەژنەفتەی تۆین
نەختێ بۆ منداڵەکانمان بێڵەوە و
ئەوەی دەمێنێ و هەر دەشمێنێ
با بۆ نەوەکانمان بێ.
* تێسورمام
خەون نەبوو! فلیم نەبوو!
درۆی فۆڕتەچییەکی هەولێریش نەبوو!
کارەساتێک بوو
ستراتیجەکەی چرکەیەکە و
پانتاکەشی یەک مللیمەتر بوو.
* شەممە خۆی خستە نێوان یەکشەممە و دووشەممەوە
بەسەر گەڕەکێکی پەڕگەی شاریش، ئەوها خۆی سەپاند:
شەممە، یەکشەممە، شەممە، دووشەممە، شەممە، سێشەممە
تا دەگاتە خۆی: شەممە، شەممە.
* لە شەوێکدا
حەوت هەزار جار کەناڵگۆڕکێی کرد
ئەو کچە هەرزەکارە
راڕایە و
شووی بەتەلەفزیۆن کردووە.
ئەو مێردەشی بەکەس ناگۆڕێتەوە.
* لە چلەی گەرمادا
دانەیەکی میوە بکەوێتە دەمی
نیمچە نوستووی بەر سێبەری دارتوو
بەهەشتانە، سوپاسی جەحەندەم دەکات.
* لە یەکەم جەنگی جیهاندا



**قابیل هابیلی کوشت**

**له ئی دووەمدا**

**کوێرێک ئەسپێیەکی کوشت**

*** پێش ئەوەی لێی بقەومێ**

**پێکەنیم**

**که رووی دا**

**زگم پێی سووتا**

*** له سینەما، که فیلمەکەم دەبینی**

**چرپاندم: وەی لەو درۆیەی!**

**بینەری تەنیشتم بەگەف بۆمی سرپاند:**

**بلێ درۆیه، بەس مەڵێ**

**وەی وەی لەو شینه درۆیەی!**

.............................................

– داپۆش = هەرشتێ مرۆڤ داپۆشێت

– فیلم = فیلم ، فلم

– فۆرتەچی = زێده درۆزن

– تێسورمام = سەرم لێی سورما

– جەحەندەم = دۆزەخ، جەهەندەم

